
# جیهانی ئیمزا



**مامۆستا جەعفەر**

نازانم لەکوێ ئیمزا بکەم؟

لاپەڕەی بەئیمزا بارانکراو، جێگەی ئیمزای تری لەسەر نابێتەوە. ئیمزای کوێستان، ئیمزای گەرمیان ناخوێنێتەوە: کوێستانان خاڵ خاڵ، بەفری ناچێتۆ، قیبلەم تۆراوەو ئاشتی نابێتۆ! نازانم! نازانم لە کێ پرسم جێگەی ئیمزای من لەکوێیە؟ سەبارەت بەئیمزای خۆم ئاوەدان بێت ئەو دێیە. نازانم لە سەرەوە یان لە خوارەوە نەخشی ئیمزایەك بکەم؟

ئیمزای کوێرانە باش نییە! لە مەملەکەتی بریتانیای گەورەدا هەرکەس لەبن ناوی خۆیدا ئیمزا دەکاتو لە سویسرا لەسەر قەراخی مۆری دائیرەکان ئیمزا دەکرێت. ماوتسی تۆنگ، بەپێچەوانەی چان کای چیك لەدەستی راستەوە ئیمزای دەکرد. چینگ پیاو چنكو وان مینگو گووپیاو هەریەکە بەجۆرێك ئیمزایان دەکرد. من لە سۆربۆنو زانکۆی ڤینیسیا فێری ئیمزا نەبوومو هیچ پرۆفیسۆرێك دەرسی ئیمزاکردنی دانەداوم. لە ناوجەرگەی خەباتی ئاگریندا فێری ئیمزاکردن بووم. پیاوی بچووك هەیە، حەزی لە ئیمزای گەورەیە، پیاوی گەورەش هەیە حەزی لە ئیمزای بچووکە. من ئیمزای سوڵتان سلێمانی قانونیو کریستۆفەر کۆلۆمبۆسو مادۆناو کرستینا

ئاگولێرام بینیوە. کارێکتەری مرۆڤ لەسەر لێوی سووری ئیمزایەك دەردەکەوێ. دەروونناسان پێیانوایە، لە ڕێگەی ئیمزاوە دەتوانرێت پەی بەدوا دڵۆپی نهێنیی دەروونی خاوەنەکە ببرێتو مێژووی کەسایەتیی ئەو کەسە بخوێنرێتەوە. قەت دوو کەس وەکو یەك ئیمزا ناکەن، چونکە دوو کەس لە هیچ کوێ لەیەك ناچن.

هەیە بەپەلە ئیمزایەك لەدەستی دەردەچێت. هەیە بەسەڵیە ئیمزا دەکاتو دەستی فێری (مفرد) نەبووە. هەیە ساڵی جارێك فیشەکێك دەتەقێنێت. هەر یەکە سروشتێکی هەیە. وەزیری دارایی حەبەشە، هەروا بەئاسانی لە پەنجەرەوە ئیمزا هەڵناداتە خوارەوە. ئیمزا، وەکو پارەیەو نابێت لە پەنجەرەوە بۆ ناو کۆڵان توور بدرێت. قازوقولینگ، ساڵی جارێك هێلکەیەکی پێدەکرێت. وەزیری شارەوانیش مانگی ئیمزایەك لەسەر خەرمانی ئیمزاکانی تر دەکات. ئەو کاتەی وەزیری نەوت بووم، بە نیمچە خەولێکەوتنەوە ئیمزام دەکرد. هەموو کاغەزە شرەکانم پێ نەدەخوێنرایەوە. ڕۆژی سێ هەزار ئیمزا بەفلسێك. چاڵە نەوتەکان چۆڕیان لێبڕا، کورسیی وەزارەتیش بەدوا دڵۆپەی نەوتەوە گڕێ درابوو. نەوت بەدەسەڵات، دەسەڵات بە نەوت. ئیمزای وەزیری جەنگ ئاگری لـێ دەبارێت.. ئیمزاکەی وەکو تانكو زرێپۆش گرمەو ناڵەی لێوە دێت. ئاگری لێدەبارێت.

دەبارێ.. دەبارێ.. وەی وەی ئاگر دەبارێ.. لە ئیمزای وەزیری ناوخۆش.. تك.. تك.. ئاگر دەبارێ. ئیمزای وەزیری پیشەسازیی هیندستان، لە ئاسن و بورغووە شکاوی لاکۆڵانەکانی بەنگلادش دەچێت. درۆیە! درۆیە ئیمزای وەزیری تەندروستی میکرۆبی پێوەیە، بەیانیان بەدیتۆڵ و ئەنتی ئینفەکشن دەستەکانی دەشوات. نەنکی وەزیری بازرگانی جیبـۆتی ڕۆژی شەش جار ئیمزا هەر بۆ خۆشی دەکات. گەر بیەوێت، هەر بەئیمزا تونێلێك لە شاخی پیرەمەگروون دروست دەکات. وەزیری ئاوی سعوودیە ساڵی جارێك خۆی ناشوات، بەشێرو هەنگوین هەموو ڕۆژێ دووش دەکات.

پێش ئەوە فیلمی خۆی بسووتێنێت، ئیمزاکەی (بن لادن) بۆنی زێرو مرواریو نەوتی لـێ دەهات. ئێستا ئیمزاکەی بۆنی خوێنو قورقوشمو بارودو T.N.T لێوەدێت. بەئیمزاو بەبێ ئیمزا، ئۆتۆمۆبێلو فرۆکەو شەمەنەفەرو پاپۆڕ دەتەقێتەوە. دەستو قاچو سەر بەئاسماندا دەفڕێت. ئەو دەستو پەنجانە بۆ پیانۆو کلارنێتو گیتار بوایە باشتر نەبوو؟ لەجیاتی مین چاندن، گوڵ چاندن، بزەی سەرلێوان جوانتر نەبوو؟ چۆن لەناو مێشکی تۆدا سەتڵێك نیشانەی پرسیار هەڵنەڕژاوە؟ گەر لەناو مێشکی تۆدا یەك دوو فولکەو شەقام هەبوایە، پرسیارەکان سلفیان لێدرایەو لەبری سەرەو ژوور، سەرەو ژێر وەرچەرخانایە چاکتر نەبوو؟ من نامەوێت، بەپرسیاری بێڕێ و بێجێ، لەگەڵ پرسیارەکانی تۆدا دەعم بکەم. ئایەتەکانی قورئان، بەشمشێرو بۆمب ناچێتە مێشکی کەسەوە! گەر لەم کونی گوێوە چوو، لەو دیوەوە بەدینامێت دەردەچێت. ئەمریکا بە (بۆمب) نارووخێت! بورجی ئیڤل، پێش دوو تاوەرەکەی (وڵدتریت سەنتەری نیویۆرك) دروستکراوە. ڕووخاندن و دروستکردنی بورج و تاوەر لە ڕۆژاوا هێندە زەحمەت نییە. چیتان گۆڕی؟ جاران بەشێکی خەڵکی ڕۆژاوا بەسووك سەیری ڕۆژهەڵات و ئیسلامی دەکرد، ئێستا زیاتر ڕقی لـێیەو بەدڕندەی دادەنێت. سیستێکمی ئابووریی جیهان بەشەڕو شۆڕو خوێنڕشتن و پێکدادان هەرەس ناهێنێت.. ئاگری ئێوە خۆتان دەسووتێنێ و کەسی پێ ناسووتێت..

نووسەری ڕۆمانی (هاری پۆتا) کاتی بۆ ئیمزاکردن نییە. من کاتم بۆ خۆشەویستی نییە. نەنکم لەبەر دۆینەو کەشك و مەشکەژەندن کاتی بۆ ئیمزا نییە. برتنی سپیرز، بنێشتەکەی ناوزاری لەبن دیوارو لاکۆڵان و ژێرمێزی ریستۆرانت و گازینۆ پەرپووتەکاندا، توور نادات. هەر بنێشتێکی بەکارهێنرا، لە مەزادی کۆنەفرۆشدا، بەچواردەهەزار دۆلارە. ئەگەر خوا بکات خاتوو برتنی ئەو پیاوەتییەمان یان ئەو ژنایەتییەمان لەگەڵدا بکات، لەبری کۆنسێرتێك بۆ منداڵانی هەڵەبجەو ئەنفال، یان ئیمزایەك بۆ کەرکوك ـ خانەقی، فەردەیەك بنێشتی بەکار

هێنراوی خۆیمان بۆ ڕەوانە بکات، بەمەرجێك لەسەر شۆستەی شەقامێکی (سان فرانسیسکۆ) یان (شیکاگۆ) بفرۆشێت، لە بەلاشاواو جێیمەدەییو قەرەجاواو بازاڕ سەوزەی (گردەگۆزینە) تووڕێکی قەڵبیش ناکات! هەیە بەئیمزایەك سەردەکەوێ، خێرو بێر بەسەریدا دەبارێت، بەرز دەبێتەوە. هەیە بەئیمزایەك، خوا غەزەبی لێ دەگرێتو قوڕبەسەریدا دەکرێتو دەربەدەری وڵاتان دەبێت.

هەموو ئیمزایەك ئیمزا نییە.. نەخێر! مەبەستم خراپ نییە: لە جگەرگۆشەی شیعرم مەدەن مەعنای خراپ کێ هەیە، حەز بکات لە منالّی بدرێت، یەکێك ئیمزایەکی کلینتۆن و مۆنیکا لوینسکی لەسەر کراسەکەی بێت، ئەوە بەرز دەبێتەوەو پێی دەفرێت. ئەو کراسە ڕەنگە چەند ملیۆن دۆلارێك بکات. ئەوەی مەلا عومەرە کوێر یان زەواهیری لەسەر پانتۆڵەکەی ئیمزایەکی کردبێت، هەتا ماوە هەر زیندانی دەکرێت. مەبەستم ئەمەیە لە بەرزکردنەوەو نزمکردنەوەدا.. پێم باش نییە بلەو خلەو عەلەو مارە، بەهەڵە لێم تێ بگەن. هەڵەیەکی گەورەیە، بەهەڵە لە هەڵەی ئەمو ئەو تێبگەیت. تێنەگەیت، لەتێبگەیت چاکترە! تێبگەیت، کە تۆ تێنەگەیشتووی.. ئیدی ڕەنگە ئەو شەوە تابەیانی خەوت لێ نەکەوێت. ئیمزایەك بەهەڵە کرابێت، بیرێك لەسەر شاخی ئەزمڕ لێدرابێت، دیارە ئەم بڕیارە بیری لێ نەکراوەتەوە، کە بیر لێدرێت. بەئاسانی بەئاو ناگاتو کارێکی بێهوودەیە.

هەموو ئیمزایەك ئیمزا نییە! ئیمزا هەیەو میمزا هەیە! ئیمزا ئیمزایەو میمزا میمزایە! مامز مامزەو کەروێشك کەروێشك! ئەفسەر ئەفسەرەو مەیمون مەیمون! ئەوەندە وەرەقەی کۆنکان تێکەڵاو مەکە! پێش ئەوەی یاری بکرێت جۆکەرەکان لەناو دەستدا سەما دەکەن. هەر لە ئێستاوە، پێش ئەوەی یاری بکرێت، دۆڕاو و براوە ئاشکرایە. پێش ئەوەی بچمە شاخ، دەترسام وەکو زۆربەی ئەو خەڵکە لە ئیمزا دەترسام. نە لە شێر ترسان عەیبەو نە لە ئیمزای بەدەم خەوەوە کراو عەیبە. بەتۆپزی ئیمزایەك لە زاری خامەکەت بپچڕێنن. ئیمزا سنوورێکی ئاگرین بوو لەنێوان دوو جیهاندا: زەلکاوی خیانەت و دڵسۆزی و بوێری. لوولەی تفەنگەکان بەتاقە ئیمزایەك لەجیهانێکەوە بۆ جیهانێکی ترسناك ڕەوانەت بکەن. ئەوەی ئیمزای بۆ گورگەکان بکردایە، بە دەستی خۆی ئاگری لە گوڵزاری ویژدانی خۆی دەدا. ئیمزاکردن و ئیمزا نەکردن: لە سێبەری سێدارەوە بۆ سێبەری سەربەرزی.. بۆ بترسم لە هەرەسی دیواری ترس؟

ئەم دیوارە منیش نەبم هەر هەرەس دەهێنێت. هەرەسهێنان و هەرەس نەهێنان بە دەست من نییە. بۆ سووڕانەوەی زەوی دەگەڕێتەوە، سووڕانەوەی من هیچ سوودێکی نییە. ئەو پێویستی بە سوڕانەوەو ئیمزای من نییە. گەر زەوی لە سووڕانەوە کەوت، ئەو کاتە دەردەکەوێ کێ پێویستی بە کێیە؟ کە نەسووڕایەوە بە ئیمزا کۆکردنەوەو باوکەڕۆو پاڕانەوەو دوعای شێخو مشایخیش یەك ملیمەتریش ناسووڕێتەوە. گریمان ئەم زەوییەی دایکمان، لە ڕقی دووکەڵی ئۆتۆمۆبێلو عەلاگەی نایلۆنو ئۆتۆمۆبیلی بەمینچێنراودا، ڕۆژێك لێمان زیز بوو، تۆرا، دڵگران بوو. خیشی کردو بڕیاری نەسووڕانەوەی دا! چی بکەین؟ ئیمزا کۆبکەینەوە، یان کۆی نەکەینەوە؟ حەسەن کەچەڵو کەچەڵ حەسەن، دوو کەچەڵی زۆر جیاوازن و وەکو یەك نین. من هەردووکیان زۆر چاك دەناسم. هەریەکەیان بەجۆرێك ئیمزا دەکات.

بۆ سووڕانەوەو نەسووڕانەوەی زەوی، لەسەر کام لاپەڕەو کام دەفتەرو تاشە بەرددا ئیمزا بکرێت؟ ئەی لە قۆناغی پاش ئیمزا چی ڕوو دەدات؟ ئیمزاکە بۆ ڕابوونو بەرزبوونەوەو هەڵکشانو فڕینە یان داگەڕانو داکشانو نەوی کردنەوە؟

من لە زانستی ئیمزاناسیدا هیچ کۆڵەوارم و نازانم! هیچ بزانمو هیچ نەزانم، هیچ پەیوەندیی بە سووڕانەوەی زەوییەوە نییە! هیچ پەیوەندیی بە لافاو و شەپۆلو کشانەوەی دەریاشەوە نییە. گرنگ ئەوەیە، لە زانستی ئیمزا

ناسیدا من کۆڵەوارم. بەرامبەر دارستانی ئیمزا دۆش دادەمێنم، هەرچەندە دەکەم لە زمانی ئیمزاکان تێناگەم‌و ناتوانم بیاندوێنم. من دەمەوێ هەر هەموو ئیمزاکان بەتەنیشت یەکەوە بن. نزمی‌و بەرز، ئۆخەی ئۆخەی هەر کەس بۆ خۆی باش نییە. پێم باش نییە، لە هەورازی ئیمزاکەمەوە، ئیمزایەك هێلانە بکات. تکایە با لەژێر مێزی ئیمزاکەمدا، ئیمزایەك وەکو زەردەواڵە خۆی بەبنا گوێی ئیمزایەکی دراوسێوە نەنووسێنێت. ئیمزاکان، جوان جوان، بەتەنیشت یەکەوە بن‌و نەیکەنە پاڵەپەستۆو تەنگ بەیەك هەڵچنین‌و مرخێش مرخێش. ئیمزاکان لەیەك چوونەتە سەنگەرەوە. هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارە بە دووربین سەیری یەکتر دەکەن.. ئیمزاکان، مۆرە لەیەکتر دەکەن‌و دان لەیەك جیڕ دەکەنەوەو چاو لەیەك سوور دەکەنەوە. دارلاستیك و قۆچەقانی ئاراستەی یەکتر دەکەن، شەڕە ئیمزایە! ئیمزای دژە ئیمزا، بۆ ئەحەی میمزا! فاتەی پوورزا بۆ خولەی میمزازا! ئیمزاکەی سەگیش بۆنی پێوە ناکات (کیسەڵەکانیش دەفرن) لە قرژانگیان پرسی: بۆ بە دوو سەر دەڕۆی؟ گوتی: «بۆم ئەلوێت!» قرژانەکان، رازی دڵی خۆیان، لای کەس نادرکێنن. لەسەر هیچ شتێك ئیمزا ناکەن. لە پەناوە گازی خۆیان دەگرن. گازی خۆیان گرت تا نێرەکەر لە بەغداوە نەزەڕێنێت بەرت نادەن. نێرەکەرەکەی بەغدا لە زەڕین کەوت. ئەم نێرەکەرە هەر لە رۆژی ئەزەلەوە ماکەر بوو. ئێمەی داماو ماکەرمان لێ بوو بە نێرەکەر. ماکەریش ناچێتە کونەوە. ئەم‌و هیتلەرو مۆسۆلینی چۆن کوڕی یەك پیاو نەبوون؟ تاوان تاوانی ئەمانە نییە، چەپڵە لێدەری گێل، ئەم رێویانەی کردە شێرو شێری کردە رێوی. هەر بەچەپڵەو فیك‌و هووڕ شاخیان لە رەگەوە دەردەهێنا. چەپڵەو چەقەنەو قونبادان جۆرێکە لە جۆرەکانی زانست. کیژێکی ئەمریکی گوتی: لە زانکۆیەکی کالیفۆرنیا بەشەش مانگ فێری چەقەنەلێدان بووم. کوڕێکی کورد پێی گوت: ئەی بەخێر نەیەیتەوە بۆ خۆت‌و ئەو علیمەی فێری بووی! ئێمە ئەم علیمە لەگەڵ علیمەکانی تردا لەبەردەم سینەمادا، بەسێ رۆژ، بەبێ مامۆستا فێر دەبین. ئێوە تەکنۆلۆجیاو سیستیمتان هەیەو ئێمەش مێردەزمەی سیستێم‌و تەکنۆلۆجیا کۆڵان بە کۆڵان، چنگ لەسەر شان راومان دەنێت و بەتۆزی پێماندا ناگات. ئێوە بڕوای کوێرانەتان بەتەکنۆلۆجیا هەیەو ئێمەش بڕوامان بەخواو پێغەمبەر هەیە. رۆژی پێنج فەرزە نوێژ دەکەین. لافاوی تەکنۆلۆجیا هەر بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت و دوور نییە رۆژێ لە رۆژان ژیاری مرۆڤایەتی رانەماڵێت. من دەترسم، ئەسپی سەرکەشی تەکنۆلۆجیا، لەغاو بچڕێنێت و لە دەستمان دەرچێت و بەکەس نەگیرێتەوە. دێوەکانی حەزرەتی سلێمان لە دەستی دەرچوون‌و نەگەڕانەوە. ئێستاش لە دەشت‌و دەر دەستی خۆیان دەوەشێنن. رەشە کلاشینکۆف ئار. بی جی لەدەستی دەرچوو. خەڵك تفەنگ لەدەستی دەردەچێ، ئەو ئار. بی. جی! من زۆر خەڵك دەناسم ئێمزا لەدەستیان دەرچوو.

وەزیری کشتوکاڵی سیرالیۆن بۆی گێڕامەوە: ئیمزا لەدەست دەرچوون هەیە:

برادەران نووسراوێکیان بۆ هێنام‌و منیش بەبێ ئەوەی بیخوێنمەوە، ئیمزام کرد. سکرتێرەکەم لەوێ نەبوو، جارێکی تر خوێندمەوە، نووسرابوو: ئەوە لە رۆژی ٢٠٠٣/٤/١ بڕیارمان دا فلانی کوڕی فلان بە بەڕێوەبەری گەوادەکان دامەزرێنین. بفەرموون بەجێبەجێکردنی بڕیارەکەو مووچەو دەرماڵەی بۆ ببەستن. ئیمزا.. ئیدی زانیم نوکتەیەو یەکێکی قۆشمە بە بۆنەی یەکی نیسانەوە ئەم نوکتەیەی رێکخستووە. نوکتەی رۆژی یەکی نیسان لەرۆژهەڵاتدا بێتامترین نوکتەیە. کوڕە تاقانەکەت سەیارە لێی داو مرد/ کابرا یەکسەر دڵی لەلێدان دەکەوێت/ ماڵەکەت گڕی تێبەربوو/ دەزگیرانەکەت خۆی کوشت/ درۆی یەکی نیسان حەڵاڵە، بەمەرجێ خۆشی‌و پێکەنین‌و دڵنەوەستانی بەدواوە نەیەت. دوای دڵوەستان، داوای لێبووردن و چەپکە گوڵی پەشیمانی بۆ سەر گۆڕی قوربانی یەکی نیسان. ئاهەنگی رۆژی نەورۆز ناشرینترین شێوەی ئاهەنگگێڕانە لە جیهاندا.

سووتاندنی هەزاران تایەی کۆن. ئەمە جەژنی نەتەوەیی و نیشتمانییە؟ هەوری ڕەشی تەپ‌و دووکەڵ تا سێ

چوار ڕۆژ بەری ئاسمان دەگرێت. دەیان کەس بە دووکەڵ ژەهراوی دەبێت و ماڵ دەسووتێت و دارو دیوار ڕەش دەبێت. ئەمە جەژنی کۆنی کوردەو ئاهەنگو شانازییە؟ ئەمە دوا پلەی دواکەوتنە و خراپترین شێوەی ئابڕوو تکانە.. جارێ نە (کاوە) تایەو عەلاگەی نایلۆنی سووتاندووەو نە کورد بەم شێوەیە ئاهەنگی گێڕاوە. ئەمە داهێنانی فیتەرو تایە فرۆشەکانە.. لە (مەمو زین)دا هاتووە: جەژنی نەورۆز پێش نزیکەی چوار سەد ساڵ وەکو (کەرنەفال)و (فاشینگ)ی ئۆروپی بووە. کوڕ، جلو بەرگی کچی لەبەر کردووە. کچیش، جلو بەرگی کوڕی لەبەر کردووە. هەردوولا پێکەوە بەسواری ئەسپ بۆ سەیران چوون. ئۆروپیەکان هەموو ساڵی (کەرنەفال)و (فاشینگ) دەکەن. ژنانو پیاوان خۆیان دەگۆڕنو کەس نایانناسێتەوە. لە هۆڵێك پێکەوە بە جوانی ئاهەنگ دەگێڕن..

ئێمە دواکەوتن بەنرخی پێشکەوتن دەفرۆشین. خاڵۆ مەوالی کەرێکی هەبوو، بە پۆرشەی نەدەگۆڕییەوە. گرنگ ئەوەیە ئێمە هەر زۆر شادو بەختەوەرین، کە زۆر پێشکەوتووین. ئێمە ناوێرین هیچ داهێنانێك بکەین، نەوەك دراوسێ قسەیەك بکات. دراوسێ قسەیەکی کرد، دەبێ لەو گەڕەکە، باربکەیت.

خانوو دۆزینەوەو ماڵ گواستنەوە ئاسان نییە. کرێی خانوو لە سلێمانیدا، لەچاو نیویۆرك و پاریسو نیوهەمشەر، گرانترە. لەوێ قانون مافی کرێچی و خاوەن ماڵ دەپارێزێت، ئێرە خۆوبەختییە بەشێکی یاسا تەنیا مافی کرێچی و جاری واش هەیە، تەنیا مافی خاوەن ماڵ دەپارێزرێت. ئیمزاکردنی گرێبەست وەکو پیاسەکردنی ئێوارانە لەناو کێڵگەی میندا. نازانێ کەی لەبن پێتدا دەتەقێتەوە! بەئیمزا مین بتەقێنەوەو خۆت مەکەرە دیلی دەستی ئیمزایەکی چەمووشی لەدەست دەرچوو.

قانوون لە هەندێ وڵاتی ئۆروپادا، ماوەی دوو هەفتەی بۆ لەئیمزا پاشگەزبوونەوە داناوە، ئەگەر لایەك هەستی کرد، بەئیمزایەك پێستی بۆ دەباخانە دەبرێت، ئیمزا نەکردنو پاشگەزبوونەوە چاکترە. فیشەکە شێتە لەدەستدەرچوو، ناگەڕێتەوە، ئەی ئیمزا شێتە بۆ ڕاست نەکرێتەوە؟ لێدی دای (پرنسیسن دایانا) بەبزەی جوانی ئەزەلییەوە، کەی وەکو ئامە کەیفێی دایکی حەسەن ئیمزای دەکرد؟ حەسەنی ئامە کەیفێ خۆی کردە حەسەن زیرەك. ناو گۆڕین چ عەیبی نییە. براکانی زیرەك نێوی خۆیان گۆڕی، بەڵام ئامە کەیفی خاوەن کەسایەتیی ئاسنین، تاقەکەسی ئەو بنەماڵەیە، کە نێوی خۆی نەگۆڕی، دەیتوانی نێوی خۆی بکاتە (لێدی زیرەك) یان (مەدام زیرەك) مەدمۆزیل.. بۆ ناسیرا.. ڕۆژنامەو میدیای کوردی ئاگاداری دوا دەنگوباسە سەرنجراکێشەکانی جیهانی هونەر نین. جارێ نازانن حەسەن زیرەك ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کردووەو ئامە کەیفێی دایکی ٢٠٠٣ جارێکی تر شوو دەکاتەوە. نازانم ژمارەی شووکردن گەیشتۆتە کوێ، هەر لە ساڵی (١٩٢٠تا ٢٠٠٣) شووی کردووە، منو تۆ، لە مەراسیمی شکۆداری مارەبڕیندا ئامادە نەبووین. برتنی سپیرز ئەمساڵ شووی کردو هیواداره ئەم شووکردنەی وەکو شووکردنی یەکەمی تەنیا (٥٤) سەعات نەخایێنێت. لێدی دای تیشکی کامیرا خوێنی ڕشت (نظرية المؤامرة). دواگۆرانی برتنی (لۆسئەنگلس) بێزارییە لەدەست تیشکی کامێراو پرسیاری بێ تامی ڕۆژنامەنووسان.. کاریگەرێتیی ئەم گۆرانییەو ڕۆمانی (ئازارەکانی ڤێرتەری لاو)ی گۆیتەی شاعیر، بوونە هۆی خۆکوشتنی چەندین کوڕو کچ. ئامە کەیفێ، چرچاوی کامێرا و تەلەفزیۆنی خۆشناوێت و دووری لە تیشکی کامێراو ریپۆرتاجی بێ سەروبەری ڕۆژنامەنووسان بەجوانتر دەزانێ. نازانم لەسەر (مارەنامە)ی یەکەمو کۆتایی کێ ئیمزای کردووەو کێ نەکردووە؟ باپیرە گوتی: ڕۆڵە نەکەی بەچاونووقاوی ئیمزا لەسەر توێکڵە پیازیش بکەیت. کاغەزەکە سەروبن بکە، دەبیست جاران بیخوێنەوەو ئینجا ئیمزای مەکە! بیخوێنەوەو دووگاسنەی بکەو شەوێکیش بەسەریا بنوو، ئینجا ئیمزای مەکە! تەیری عاقڵ بەدەنووك پێوە دەبێت. هەزاران سەر لەسەر ئیمزایەك پەڕێنراون و هەزاران لەسەر ئیمزا خەسێنراون.. تەنانەت ئەگەر زانیت بەئیمزایەك تاجی شاهیت

لەسەر دەکەن، نەکەی بیکەی! ئەو تاجەی بەگوڵە ئیمزایەك، لەسەر سەرت دانرا، چاوەڕوان بە، بەئیمزایەك لێت دەسێنرێتەوە.

ئیمزا بەزۆریو کەمی نییە: ئیمزایەکی ناپۆلیۆنو جۆرج دەبلیوبوشو تاله فەرتەنەو ڕەشە ڕەشاش وەکو یەك نییە. نەنکم هەر زۆر لە لیستی ڕەشو لیستی سپی دەترسا، دەیگوت: ئەوەی جارێك لە لیستی ڕەشدا نێوی نووسرا، ئەوە بەئاوی زەمزەمیش پاك ناکرێتەوە. لەو دنیاش بۆ پەڕینەوە لەسەر (پردی سیرات) لیستی سپیو ڕەش هەیە.

کەس ئەو ڕازە مەزنەی بۆ نەدرکاندووم، من لەکوێ ناونووسکراوم؟ پێیبزانم و پێینەزانم، پرسیارێکی حیسابییە، ناوی من بەچ داخێکەوە سووتاوە یان بەشاخێکەوە گیرساوەتەوە؟ پێینەزانم لە کوێ نووسراوم، هەر زۆر لەوە چاکترە پێیبزانم، جیاوازییەکی بچووك لەنێوان دوو جیهاندا هەیە: پێیبزانم لەکوێ ناونووسکراوم، واتە: پێشەکی دەزانم دەکەومە چاڵێکەوە. پێینەزانم لە کوێ ناونووسکراوم، ئەوە ڕۆژێك دێ لەناو چاڵەکەدا بەخۆم دەزانم. بەخۆم بزانم، یان نەزانم، بۆ سووڕانەوەی زەوی هیچ کێش و کاریگەرێتی نییە، ئەو هەر دەسوڕێتەوە.

زانیین زۆرجار رەنگە زۆر تاڵترو سوێرتر بێت لە نەزانیین، بەڵام بەرچاوڕوونی پێویستترەو سوودبەخشترە. تۆ دەزانی تەندروستیت خراپە، ئەوە بەپەلە هەوڵی خۆ چارەسەرکردن دەدەیت. نەتزانی نیوەی جەرگت نەماوە، بەخەیاڵی ئەوەوە دەژیت، کە هیچت نییەو تەندروستیت زۆر چاکە. تاڵ لە شیرین چاکترە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی بەدەست نەخۆشیی شەکرەوە دەناڵێنن. من بەدەست ئەزموونی تاڵی ژیانەوە دەناڵێنم. خۆشم گوێم لەو ناڵینە نییە. گەر بمزانیبایە هەستی دەروون، بەشمشاڵ دەربڕم، هەوڵمدەدا ناڵینی سەرجەمی مێژووی مرۆڤایەتی لە کونی شمشاڵەوە بڵند کەمەوە. زمانی شمشاڵ و نای و کەمان و قاسپەی کەوو جریوەی چۆلەکە، هەر زۆر لەدەنگی منو یوستین تیمپرلیك و ماملێش خۆشترە. ئەوەی شمشاڵ و پیانۆ دەتوانێت رایگەیێنێت چاکتر بەدڵەوە دەچێت، لە قسەی باشترین نووسەری رەوانبێژ. دوور نییە گەورەترین رەوانبێژ دڵی بەشێك لە گوێگران بۆ لای خۆی رابکێشێتو دڵی بەشێکی تر لەخۆی بڕەنجێنێت. شمشاڵژەنی باش وەکو ساحیر، دڵی هەمووان بۆ لای خۆی رادەکێشێت.

با ئیمزاکەت لە ئاو بچێتو لە هەموو شوێنێکدا جێگەی خۆی بکاتەوە. بەردو ئاسنو دار لە هەموو شوێنێکدا جێگەی خۆی ناکاتەوە. ئاو بە ئاوازو مۆسیقاوە دەڕواتو سەرەو ژووریش دەڕوات. بەردەمیش بەربەستیو شاخیشی بێت، هەردەڕوات، یان پەنگ دەخواتەوە.. پەنگی خواردەوە دەبێتە هێزێکی گەورە. بەربەست جێگەی دەرچوونی هەبوو، ئەوە دەبێتە وزەو شەوی تاریکمان بۆ روون دەکاتەوە.. رێگەی دەرچوونی نەبوو، ئەوەندە پەنگ دەخواتەوە تا سەدو بەربەست رادەماڵێت.. من نازانم لە کوێ ئیمزا بکەم؟ لاپەڕە، جێگەی ئیمزای تری لەسەر نابێتەوە، یەك ئیمزا بێتو دووسەدو حەفتا ئیمزا بێت، هیچ لە هەردوو جەمسەری هاوکێشەکە ناگۆڕێت.

ئیمزا جۆری زۆرەو هەر لە دەریا دەچێت: بەشێکیان زەردەخەنەو بزەو پێکەنینو ماچن، بەشێکیشیان تووڕەو لاسارو پەرپووتن. بەشێکیان پەپوولەو بێریو کەروێشکن، بەشێکیشیان دووپشکو زەردەواڵەو دڕکەزێن.. من دەمەوێ ئیمزاکەم گوڵو مۆسیقاو دەریا بێت..